# ناوی میسر

له زمانی ئەوروپی دا به (egypt)هاتووه به مانای یەکێك له ناوەکانی ممفیس دێت که ناوی ( حت کا بتاح) بووه و بەمانای پەرستگای خواوەندی بتاح ه

هەروەها به ناوی ( کی اوتا کمی) به مانای خاکی به بەهره.

کمیت به مانای خاکی رەش دێت

هەروەها به ناوی تومیری به مانای خاکی لافاوەکان دێت

وه دەشلێن ناوی مصر لەوه هاتوه که له کتێبی تورات به ناوی مصرایم هاتوه به مانای تاوی واته مسری خواروو سەروو.

# گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی خوێندنی مێژووی میسری کۆن

ثر- بەردی باليرمو: تابلوێکی بە بەردی بازلتی رەش دورست کراوە، لە سەری بە نووسینی هیرۆگلیفی پێنج پەیمانەکانی سەردەمی یەکەمی میسر نووسراوە تا سالی 2400پ.ز ، یەکەمینیان لە مۆزەخانەی باليرمو لە ایگالیا پاریزراوە وچواریان لە مۆزەخانەکانی میسرن.

یر- بەردیە (نامەی) تورین: بریتیە لەو نامانەی کە ناوەکانی 300 دەسەلاتداری میسر تێدا نووسراوە دەسپێك لە دەسەلاتی خواوەندەکان تاکو پاشاکانی ممفیس وکوتایی پیٚ دێت لە حاکمەکانی هیکسوس، ئەم نامەیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی رعمسیسی دووەم( 1290-1224پ.ن). ئیستاش لە مۆزەخانەی تورین لە ایگالیا پارێزراوە.

3– بەلگەنامەکانی الکرنك: کە پێك دێت لە ناوی 61 پاشای میسری کۆن ، وده گەرێتەوه بۆ سەردەمی پاشا تحتوسی سێیەم(1490–1436 پ.ز) ئیستاش لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراوه.

4– بەڵگەنامەکانی ابیدوس: ناوی تابلۆی باپیرانه لە سەر دیوارەکانی پەرستگای شاری ابیدوس نووسراوه، ناوی 76 پاشا تێدا نووسراوه.

5– بەڵگەنامەکانی سقاره: کە دەگەرێتەوه بۆ سەردەمی پاشا رعمسیسی دووەم، ولە ناوی 58 پاشا پێك دێت.

6– هەروها نامەکانی ئەو سەردەمە وەك نامەکانی تل العمارنه .

# جوگرافیای میسرو کاریگەری بەسەر مێژووی ناوچەکە

شوێنی جوگرافی میسر، بەتایبەتی رووباری گەورەی نیل، زیاتر لە هەر هۆکارێك لە پێکهێنانی میسر کاریگەر بووە، لەوێوە کە ڕووباری نیل لەڕاستیدا تەنها سەرچاوەی ئاو بووە کە ژیان لە میسردا پێیوە بەسترابووە،

میسر ناوچەیەکی سەوز و بەپیتە وەکو بنجە گوڵێکی گەورە لە نێوان بیاباندایە، ڕووبارێکی باریك بە درێژایی 1100 کمو خاکی بەپیتو لەباری دۆڵی نیل ڕەگەکانی ئەم بنجە گوڵەیان پێك دەهێنا، بەمەش وڵاتێکی بەپیت وەك میسر بەهۆی ڕووباری نیل تێر ئاو دەبوو.



الحثيون
اليونان
ليديا
آلاسيا ( قبرص )
البحر الكبير (المتوسط)
برقة
الميتانيون
دجلة
أورميه
بحر قزوين
البابليون
الفرات
الميديون
(المدائن) طيسفون
سوزا
بادية الشام
بابل
دمشق
عسقلان
غزة
الأسكندرية
تانيس
منف
سيناء
تبوك
شبه الجزيرة العربية
سابور
أسيوط
طيبة
مصر القديمة
أدفو
أسوان
واد حلفا
يثرب ( المدينة )
مكة
الطائف
صحراء النوبة
دنقلة
كوش
الحضارة المصرية القديمة
امتداد الدولة زمن الأسرتين ١٨ و ١٩
العواصم التاريخية لمصر القديمة
مناطق استعمار يونانية
فينيقيا ومستعمراتها التجارية


# الفراعنة


www.hisgeo.tk
البحر الأبيض المتوسط
تنيس
صحراء سيناء
مصر السفلى
ممفيس
الفيوم
صحراء ليبيا
مصر العليا
البحر الأحمر
الكرنك
طيبة
الأقصر
النيل
أسوان
أبو سنبل
أراضي خصبة
صحاري
عاصمة
مدينة
أهرام
معابد
قناة إصطناعية
ش
100كم

هەموو ساڵێك بە هاتنی بەهار، دا بارینی چڕو توانەوەی بەفرەکان لە سەرچاوەی نیل لە چیاکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا دەبووە هۆی بەڕێکەوتنی چەند لافاوێك، لە نێوان مانگەکانی نیسان تا ئاب، بە نزم بوونەوەی لافاوەکان چینێك لە گڵی ڕەشی بە پیت بەجێ دەمینێت.

میسرییە کۆنەکان ڕێزێکی تایبەتیان بۆ نیل هەبوو. چونکە دەیانزانی میسر خۆی( بەخششی نیلە ).

میسرییە کۆنەکان بۆ پاراستنی شێوازی کشتوکاڵی، بەهەڵچوونەکان و لافاوە ساڵانەکانی نیل وابەستە بوون، بەمەش لە خاکی شێداری دەوروپشتی نیل، گەنمو جۆ ودانەوێڵەی تریان دەچاند.

کشتوکاڵیش خۆراکی خزمەتکارەکانو بەندەکانی دەستەبەر دەکرد. ئیتر خەڵکی لە گوندە هەمیشەییەکان نیشتەجێ بوون. بەخشتی دروستکراو لە قوڕی نیلو هەندێك کا خانووی قایمو یەك قاتیان دروستکرد.

نیل، جگە لەوەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی خۆراك بوو، شارستانییەتی گەشە کردووی میسریشی دەپاراست.

لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای بە درێژایی ڕووبارەکە تاچاو بر دەکات بیانێکی وشك درێژبۆتەوە.

لە باکووری نیل دەلتا هەیە کە کەنارەکانی بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییەکان لە بار نەبوو. لە باشووری نیل تاڤگەی بەردەڵانی هەن کە گەشت بە کەشتییەوە دژوار دەکرد، هەر چەندە کە دز و جەردەکانی بیابان هەندێك جار هێرشیان دەبردە سەر گوندەکانی میسرییەکان، بەڵام سنووری نیل یارمەتی دەر بوو بۆ دورخستنەوەی دوژمنەکانی، لەبەر ئەوەی ڕێگای پەیوەندی لەنێوان گوندەکان سنوور دارکردبوو.

ئەگەرچی بەردە گەورەکانی تاڤگەکان دەبوونە ڕێگر لەبەردەم هێرشی دوژمنەکان بۆ سەر باشووری میسر لە ڕووبارەکەدا، بەڵام ڕووباری نیل لە میسردا مایەی کەشتیوانی بوو، پەیوەندیو ڕاگواستنەوەی بارەکان لەنێوان گوندەکاندا ئاسان دەکرد،

ڕووبار هەروەکو شارێگەیەکی پان فیرعەونەکانی بەهێز دەکردو، میسری لە لایەنی سیاسییەوە یەکدەخستو شارستانییەتێکی هاوبەشیان دروست کرد. سروشتی خاکی میسر کە تاڕادەیەك بە هۆی ڕووباری نیلەوە دیار بوو، چەندان سەدە نەیانهێشت داگیرکەرە بە هێزەکان پێ بخەنە خاکیانەوە،

لە ئەنجامدا هێرشی دوژمنان بۆ سەر میسر کەم بوو، میسرییەکان دەیانتوانی بۆ گەشەدان بە شارستانییەت تەنیا ڕوو لە گەشەکردن تەخان بکەن.

کشتوکاڵ گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە کۆمەڵگای میسر هێنایە کایەوە، فراوانی خۆراک خەڵکی لە کۆکردنەوەی خۆراک رزگار کرد و کاتی بۆ بەدەستهێنانی پسپۆری و گەشەی پیشە جۆراوجۆرەکان رەخسانەوە بەو شێوە کاتێ کە زۆربەی میسرییەکان پەیت پەیت لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد.

هەندێك لەوانە بۆ نموونە هەندێك بوونە گۆزەگەرو گۆزەیان دروستدەکرد. بەرگدوورەکان بە بەکارهێنانی یەکێك لە بەرهەمەکانی میسر، داوە کەتانییەکانیان دەدووری و لەوانە پارچەی کەتانییان دروستدەکرد،

ژمارەیەك بە هەڵکۆڵین لەسەر بەرد پەیکەرو چەقۆو دەسکی داسیان دروستدەکرد. کانزاچییەکان بەمس چەكو ئامێریان دروست دەکرد. تەنانەت هەندێکیان مسیان دەتواندەوە تا لە قاڵبگریدا بەکاری بهێنن، ئەمەش ئەو داهێنانەیە کە لەوانەیە لەگەڵ کۆچەرانی ڕۆژهەڵاتی نزیك کە بۆ کەنارەکانی دەلتا کۆچیان کردبوو گەیشتبوونە میسر.

ئەم هونەرمەندە سەرەتاییانە یان پیشەوەرە پسپۆرەکان گرووپێکی کۆمەڵایەتییان پێك هێنا، گرووپێك کە جیاواز بوو لەو گوندنشینانەی کە ڕەعیەت بوون و بەردەوام لەسەر زەوی کاریان دەکرد.

**کشتوکاڵی گرنگترین پیشه بوو له میسر، بەڵام ئەو ڕەعیەتانەی که لەسەر زەوییەکاندا کاریان دەکرد، ژیانێکی ئاسانیان نەبوو، چونکه کشتوکاڵ کردن له میسر پیشەیەکی دژوار بوو، جگه لەکاری سەخت لەکێڵگەکان، جووتیاران ڕووبەڕووی هێرشی ئاژەڵەکان و باج وەرگرانی بێڕەحم دەبوونەوە مەبەست فیرعەونەکانه**

بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین تایبەتی بوونی پیشەکان بووە هۆی هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕی کە ئابووری میسری گۆڕاو یارمەتی گەشەی وڵاتیدا،

پیشەوەرە جۆراوجۆرەکان چی دی پەیوەندی راستەوخۆیان بە زەوییەوە نەبوو وە بۆ بەدیهێنانی خۆراکیان پێویستیان بە ڕێگای نویێ هەبوو، بەم شێوەیە پیشەوەرەکان بەرهەمەکانیان لەگەڵ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ئاڵوگۆر دەکرد.

پاش ماوەیەکی کورت، ئاڵوگۆری لە نێوان دانە بە دانەی گوندەکان بووە هۆی ئاڵوگۆڕی نێوان گوندەکانی دەوروپشتی بە درێژایی نیل.

زۆری نەخایەند کە گروپێك لە بازرگانان دروست بوون کە کاڵای جۆراوجۆریان دەکڕیو دەفرۆشت، ئەوانیش لەگەڵ پیشەوەرانو هونەرمەندان لە پێکهێنانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو جێگەی خۆیان دۆزییەوە، چونکە میسرییەکان سیستەمی پارەیان نەبوو، کاڵا بە کاڵا ئاڵوگۆرییان دەکرد.

بازرگانەکان کاڵاکانیان لە ڕووباردا لەگەڵ یەك دەگۆڕییەوە، یان هەندێك جار بە چەند کاروانێکی گوێدرێژ لەوشکانیدا دەیانگواستەوە. ئیتر هەر ئەوە وای کردووە سەرچاوەکانی تایبەت بە میسری کۆن بڵێین: بازرگانەکان وەکو هەنگ چالاك بوون بە درێژایی رووبارەکە باکوورو باشووریان دەکرد.

پێشکەوتنی کشتوکاڵی گۆڕانێکی گرنگ‌و هەستیاری لە میسری کۆن دروست کرد:

پەرەسەندی حکومەت کشتوکاڵ‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئاڵوزتر کردبوو. بۆ ئاودێری پێویست بوو حەوزەکان‌و ڕێرەوەکان دروست بکرێت‌و بپارێزرێت.

پاش لافاوەکانی سالآنە دەبیٚ زەوییەکان بۆ چاندن دابەش بکرێت زیادەی بەرهەم عەمبار بکرێت‌و لەکاتی پێویستدا دابەش بکرایێت، بازرگانی دەبوایە ڕێنمایی بکرایە، ئاژاوەش لەسەر موڵکداری چارەسەر بکرایە. پەیتا پەیتا بۆ بەرنامە دارشتن‌و ئاراستەدارکردنی ئەم چالاکییانە حکوومەتێك لە نێوان هێزەکانی ئەو دەڤەرە پێکهێنرا. زۆربەی میسرییەکان هی هێندێك بوون‌و هەر گوندێك لە یەکێك لە ناوچەی سەربەخۆ جێی خۆی دەگرت،

بەسەر هەر یەك لەم ناوچانەدا سەرۆکێك حوکمی دەکرد کە هەموو خەڵکانی ئەو دەڤەرە باوەڕیان بە وەفاداری ئەو هەبوو، سەرۆك لە پایتەختی ئەو ناوچەیە کە زۆر جار گوندە خۆجێیەتییەکانی خۆیان بوو بەسەر ناوچەکەدا حوکمی دەکرد.

لەگەڵ ناوچەکانی هۆزەکان، لە میسر لە پێش سەردەمی زنجیرەکان چەند قەزا و شارۆچکەیەك هەبوو، هەر یەك لەم قەزایانە بریتی بوو لە شارێك و ناوچەکانی دەوروپشتی پاشایەك حوکمی دەکرد،

لەڕاستیدا لە هەمان کاتدا سەرۆك ناوچەی هۆزەکەش بوو، قەزایەکانیش وەکو ناوچەی هۆزەکە، بازار خواوەندی خۆجێییەتی، پەرستگ و هێمای هۆزی حاکم یان بنەماڵەی بەربلاوی تایبەت بە خۆیان هەبوو.

زۆر جار قەزایەکان کاتێ بەدیار دەکەوتن کە شارێك لە شارەکانی تر بەهێزتر و سەرکەوتووتر دەبووو، ڕابەرانی ئەو ناوچەیە نفوزی خۆیان بۆ گوندەکانی دەوروپشتیان بلاودەکردەوە، ناوچە بەهێزترەکان بە دەست بەسەرگرتن یان ڕاکێشانی ناوچە لاوازەکان بۆ لای خۆ لەلایەن شەڕ یان هەندێ جار ژن و ژنخوازی بەردەوام بوون تا لە کۆتاییدا میسر تەنها لە دوو دەسەلات پێکهات :

میسری خواروو کە لە ناوچەی دەڵتای نیل بووو، پایتەختەکەی ( بیۆتۆ )لە ڕۆژئاوای دەڵتا بووە. هەروەها میسری سەروو کە پایتەختەکەی(نخیب کە شوێنی ئیلکەب ئێستا) ئیتر سەدان ساڵ ئەم دوو دەسەلاتە لەگەڵ یەکدا هەبوون، تا ئەوەی بەککگرتنەوە ئەو دەسەلاتە سەردەمی میسری گەورە دەستی پێکرد کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

# میسر لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی کۆندا